**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمـارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی ڕۆژی ٢٠٢١/٩/٧ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان - عێراق**
**ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١**

**ماددەی (١):**
هەریەکە لە بڕگەکانی (یەکەم) ، (دووەم) لە ماددەی (حەوتەم)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە، و سەر لە نوێ ڕیزبەندی بۆ بڕگەکانی تری ماددەکە دەکرێتەوە.

**ماددەی (٢):**
کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٣):**
ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بۆ نەهێشتنی دژیەکی لەنێوان بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (شەشەم) و بڕگەکـانی (یەکەم) و (دووەم) لە ماددەی (حەوتەم)ی یاساکە، کە بەهۆی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسـای هەمـواری یەکەمـی یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣)ی سـاڵی ٢٠١١ دروسـت بـووە، و لە پێناو جێبەجێکردنی یاساکە بە شێوەیەکی دروست و گونجاو، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢١/١٠/٦**

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمـارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو و پاڵپشت بە یاساكاریی پەرلەمانی كوردستان كە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠٢١/٩/٧ كردوویەتی، بڕیارماندا بە دەركردنی:

**یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای نیشان و میدالیا لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی (١):**

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم: سەرۆک:** سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**سێیەم: ئەنجومەن:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** نیشان و میدالیا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- نیشانی نیشتمان.
٢- نیشانی ئاشتی و پێکەوە ژیان .
٣- نیشانی پێشمەرگە.
٤- میدالیای بەرخودان و قارەمانێتی.

**دووەم:**

١- **نیشانی نیشتمان:** بەو کەسانە دەبەخشرێت کە لە بواری مەدەنیدا خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن، یان داهێنانێکی مەزن لە بواری کارەکەیاندا دەکەن، بەجۆرێك کە لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت.

٢- **نیشانی ئاشتی و پێکەوە ژیان:** بەو کەسانە دەبەخشرێت کە خزمەتێکی ناوازە لە بواری گەشەپێدانی ئاشتی و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان پێشکەش بە هەرێم دەکەن.

٣- **نیشانی پێشمەرگە:** بەو کەسە بیانیانە دەبەخشرێت کە خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن.

٤- **میدالیای بەرخودان و قارەمانێتی:** بەو کەسانە یان بە میراتگرەکانیان دەبەخشرێت کە لە بوارەکانی سەربازی و ئاسایش، یان لە میانەی پاراستن و بەرگری لە هەرێم، خزمەتێکی گەورەی بێ هاوتا پێشکەش دەکەن کە شایستەی ڕێزلێنان و بەرز ڕاگرتنە.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** شێوە و نەخش و نیگار و هێماکان، و ئەو ماددانەی کە نیشان و میدالیای لێ دروست دەکرێت، بە پەیڕەوێک دیاری دەکرێت کە لەلایەن سەرۆک دەردەچێت.

**دووەم:** نیشان و میدالیا بە مەرسوم، لەلایەن سەرۆک، لە بۆنەیەکی تایبەتیدا دەبەخشرێن.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** سەرۆک بۆی هەیە لە هەر کاتێکدا نیشان و میدالیا بە کەسانی شایستە ببەخشێت.

**دووەم:** سەرۆکایەتی هەرێم بۆی هەیە پێشنیار بۆ دیاریکردنی کەسانی شایستە بە بەخشینی نیشان و میدالیا بکات.

**سێیەم:** سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری لە هەرێم، بۆیان هەیە پێشنیار بۆ دیاریکردنی کەسانی شایستە بە بەخشینی نیشان و میدالیا بکەن.

**چوارەم:** کەسانی شایستە بۆ وەرگرتنی نیشان و میدالیا لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت، بەڕەزامەندی ئەنجومەن، بۆ سەرۆکایەتی هەرێم پێشنیار دەکرێن.

**پێنجەم:** لیژنەیەکی تایبەتمەند لە سەرۆکایەتی هەرێم پێکدەهێنرێت، بۆ هەڵسەنگاندنی پێشنیارکراوان، بۆ خستنە بەردەمی سەرۆک بە مەبەستی بەخشینی نیشان و میدالیا.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** هەڵگرانی نیشان یان میدالیا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەم ئیمتیازاتانەی خوارەوەیان پێدەبەخشرێت:-

١- بانگهێشتکردنیان بۆ بۆنە نیشتمانییە فەرمییەکان.

٢- بەخشینێکی دارایی کە بڕەکەی لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە دیاری دەکرێت و لە بودجەی سەرۆکایەتی هەرێم خەرج دەکرێت.

٣- هەر بە خشین و ئیمتیازێکی تر کە لە پەیڕەوی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاتبێت.

**دووەم:** نیشان و میدالیا لە بۆنە فەرمیی و نیشتمانییەکاندا بەخۆوە دەکرێن.

**سێیەم:** لە کاتی مردنی هەڵگرانی نیشان و میدالیا، میراتگرەکانیان مافی پارێزگاریی کردنیان لە نیشان و میدالیاکە هەیە، بەڵام مافی بەخۆوەکردنیان نییە.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** سەرۆکی هەرێم بە مەرسومێک نیشان یان میدالیای بەخشراو لە هەڵگرەکەی دەستێنیتەوە، لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەیەکی لێکوڵینەوە کە لە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەو مەبەستە پێک دێت، لە سێ ئەندام کە یەکێکیان مافپەروەر بێت لە کاتی هاتنەدی یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوە:-

١- ئەگەر دەرکەوت کە پێشتر حوکمدراوە بە تاوانێکی ئابرووبەر یان دواتر پێی حوکمدرا.

٢- ئەگەر دەرکەوت کە پێشتر کارێکی دژ بە گەل، خاک یان بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم ئەنجام داوە یان دواتر ئەنجامیان بدات.

٣- ئەگەر دەرکەوت لەسەر بنەمایەکی ساختە یان نادروست نیشان یان میدالیاکەی بە دەست هێناوە.

٤- ئەگەر کارێکی ئەنجامدا کە لەگەڵ بنەمای وەرگرتنی نیشان یان میدالیاکەی پێی بەخشراوە ناکۆک و دژ هاتەوە.

**دووەم:** لێسەندنەوەی نیشان و میدالیا بەپێی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە، دەبێتە هۆی ڕاگرتنی ئیمتیازاتەکان، و لێسەندنەوەی ئەوانەی کەشیاوی لێسەندنەوە بن.

**ماددەی (٧):**

ئەرک و پێکهاتەکانی هەر لیژنەیەک کە لەم یاسایەدا هاتوون بە پەیڕەوێک دیاری دەکرێن کە لەلایەن سەرۆک دەردەچێت.

**ماددەی (٨):**

نیشان و میدالیای بەخشراو شیاوی مامەڵە پێکردن نین، بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایەوە.

**ماددەی (٩):**

شێواز، نەخش، هێمای بەکارهاتوو لە دروستکردنی نیشان و میدالیا بە موڵکی هەرێم هەژماردەکرێن.

**ماددەی (١٠):**

نیشان و میدالیای بەخشراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، نیشانەی گلدانەوەی ناخرێتە سەر.

**ماددەی (١١):**

هەرکەسێك کاری ساختەکردن یان لاسایی کردنەوەی هەر نیشان و میدالیایەکی هاتوو لەم یاسایەدا ئەنجام بدات، یان بەبێ مۆڵەتی لایەنی تایبەتمەند دروستی بکات، ئەوا بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەك کە لە (١٠) دە ساڵ زیاتر نەبێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسایەکی دیکەدا هاتبێت، سزادەدرێت.

**ماددەی (١٢):**

سەرۆک پەیڕەوێک بۆ دیاریکردنی کاروبارەکانی پەیوەندیدار بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (١٣):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٤):**

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (١٥):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بەمەبەستی هاندان و ڕێزلێنان و نیشانکردنی ئەو کەسانەی لە بوارە جیاوازەکاندا خزمەتێکی ناوازەیان پێشکەش بە خاک و گەلی کوردستان دەکەن، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢١/١٠/٦**

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمـاره (١٢)ی سـاڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو و پاڵپشت بە یاساكاریی پەرلەمانی كوردستان كە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠٢١/٩/٧ كردوویەتی، بڕیارماندا بە دەركردنی:

**یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەكێتی ژوورەكانی بازرگانی و پیشەسازی**
**لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٣**

**ماددەی (١):**
دەقی بڕگەی (٢) لە ماددەی (چوارەم)ی یاساكە هەڵدەوشێتەوە، و بڕگەكانی تری ماددەكە سەر لە نوێ ڕیزبەند دەكرێنەوە.

**ماددەی (٢):**
دەقی بڕگەی (١) لە ماددەی (حەوتەم)ی یاساكە هەڵدەوەشێتەوە، و بڕگەكانی تری ماددەكە سەر لە نوێ ڕیزبەند دەكرێنەوە.

**ماددەی (٣):**
دەقی ماددەی (هەشتەم)ی یاساكە هەمواردەكرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-
ماددەی (هەشتەم)
١- بازرگان دەتوانێت لەو ژوورەی شوێنە بازرگانییەكەی دەكەوێتە بازنەی تایبەتكارییەكانی ببێتە ئەندام.
٢- پڕۆژەی پیشەسازی دەتوانێت ببێتە ئەندام لە ژوور.

**ماددەی (٤):**
پێویستە یەكێتی ژوورەكانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق، تەواوی تۆمارنامەكان و داتابەیس و زانیارییەكانی پەیوەست بە تۆماركردنی ناوە بازرگانییەكان و تۆمارنامەی بازرگانی، لە ماوەیەک كە لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەڕنەكات لە ڕێكەوتی بەركاربوونی ئەم یاسایە، بگوازێتەوە بۆ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

**ماددەی (٥):**
پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی (٦):**

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٧):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لە پێناو ڕێکخستنەوەی چالاکی بازرگانی و تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢١/١٠/٦**

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمووارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی ڕۆژی ٢٠٢١/٩/٧ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**
**هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠**

**ماددەی (١):** دەقی بڕگەی (یازدەم) لە ماددەی (سێیەم) ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
**یازدەم:** ڕێکخستنی تۆمارنامەی بازرگانی و تۆمارکردنی ناو و هێمای بازرگانی و وێنە و دیزاینی پیشەسازی و داهێناننامە.
**ماددەی (٢):** حوکمەکانی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەی بازرگانی، بە پەیڕەوێک ڕێکدەخرێت کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.
**ماددەی (٣):**پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
**ماددەی (٤):**کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.
**ماددەی (٥)**ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بە مەبەستی پێدانی دەسەڵاتی تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و ڕێکخستنی تۆمارنامەی بازرگانی بە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢١/١٠/٦**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە :٧٠٦٤ لە ٢٠٢١/١٠/٤**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەپێی بڕگەی (٣)سێیەم لە ماددەی ( ٥ ) پێنجەم لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ وە بەپێی ماددەی(١١) لە یاسای پاراستن و گەشەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠٠٨ بە مەبەستی ڕێکخستنی دامەزراندنی پڕۆژەکانی سامانی ئاژەڵ و مۆڵەت پێدانی ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠٢١**

**تایبەت بە دامەزراندن و مۆڵەت دان بەپڕۆژەکانی سامانی ئاژەڵ (پەلەوەر و ئاژەڵی)**

**ماددەی (١): مەرجەکانی دامەزراندنی پڕۆژە :**

**یەکەم: مەرجەکانی پێدانی ڕەزامەندی سەرەتایی بۆ دروست کردنی پڕۆژە:**

أ- پێشکەش کردنی داواکاری لەگەڵ سایت پلانی پڕۆژەکەو بەڵگەنامەکانی تایبەت بەزەویەکە لەلایەن هاووڵاتی بە کشتوکاڵی ناوچەکەو وەرگرتنی ڕەزامەندی یەکەی کارگێڕی ناوچەکە.

ب-کۆنووسی پشکنینی سەرەتایی ئەنجام دەدرێت لەلایەن لیژنەیەك کەپێك هاتبێت لە(نوێنەری سامانی ئاژەڵ /سەرۆك لیژنە) و (ڕووپێو ونوێنەری زەوی زار لە بەشی کشتوکاڵی ناوچەکە) وە نوێنەری (دارستان و پاوان) بۆ ئەو شوێنانەی دەکەونە ناو سنوری دارستان و پاوان وە سەرۆکی لیژنە دەبێت ئەندازیاری کشتوکاڵی بێت.

ج-سەرچاوەی ئاوی پاك لەپڕۆژەکە هەبێت بەم شێوەی خوارەوە:

١- سەرچاوەی ئاوی پڕۆژە (بیری ئیرتوازی)بوو پێویستە مۆڵەتدار بێت وێنەیەك لەمۆڵەتی بیرەکە هاوپێچ بکرێت.

٢- سەرچاوەی ئاوی پڕۆژە (بیری هاوسنوور) بوو پێویستە مۆڵەتدار بێت وە لاری نەبوونی خاوەن بیرەکە وەربگیرێت.

٣-سەرچاوەی ئاوی پڕۆژە (ڕووبار)بوو پێویستە سیستەمی پاڵاوتن (فلتر) بەکاربهێندرێت لەشوێنی پڕۆژە.

٤- سەرچاوەی ئاوی پڕۆژە(کانی – کارێز)بوو لاری نەبوونی ئەنجومەنی گوندو ناحیە وەربگیرێت لەسەر بەکارهێنانی ئاوی کانییەکەو ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری وەربگیرێت.

د- مامەڵەکە لە کشتوکاڵی ناوچەکە بەرز دەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان/بەشی زەوی زار بۆ هەموو جۆرەکانی زەوی و ئاراستەی بەشی سامانی ئاژەڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەکرێت بەمەبەستی وەرگرتنی لارینەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان (ژینگە، ڕێگاوبان، شارەوانی، سامانە سروشتیەکان) وە مامەڵەکە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری/ سامانی ئاژەڵ دەکرێت بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی سەرەتایی پڕۆژەکە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر.

**دووەم :مەرجەکانی سەرەتایی دروستکردنی پرۆژە:**

أ- داواکار تەمەنی لە(١٨) ساڵ کەمتر نەبێت و ناکام نەبێت.

ب- فەرمانبەر نەبێت جگە لە زەوی موڵك.

ج- هێنانی بەڵێننامە:

١- بەکارهێنانی زەویەکە تەنها بۆ مەبەستی دروستکردنی پرۆژەکە بێت.

٢- پرۆژەکە لەوادەی یاسایی خۆی جێبەجێی بکات لەدوای یەك مانگ لەوەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەتایی و بەرواری دەستبەکاربوون،خاوەن پرۆژە دەبێت دەست بەدروست کردنی پرۆژەکەی بکات وە لەماوەی ساڵێك پرۆژەکەی تەواو بکات بۆ پرۆژەکانی (پەلەوەری گۆشت-قەل – ووشترمل- کاوێژکاران (مانگای شیر، قەلەوکردنی گۆلك، مەڕوبزن و کاروبەرخ) وە بۆ پرۆژەکانی (سەربڕخانەی پەلەوەر- هەڵهێنەری پەلەوەر -کارگەی ئالیك- نەژادی پەلەوەر- دایکانەی( گۆشت و هێلکە) - هێلکەی خواردن- پرۆژەی تەواوکار- پرۆژە ستراتیجیەکان) لەماوەی دوو ساڵدا پرۆژەکەی تەواو بکات بەپێچەوانەوە مۆڵەتەکە هەڵدەوەشێتەوە جگە لە هەندێك حالەتی دیاری کراو کە لە دەرەوەی دەسەلاتی خاوەن پرۆژەدا بێت مۆڵەتی سەرەتاییەکەی بۆ ماوەی شەش مانگ درێژبکرێتەوە بە ڕەزامەندی وەزیر.

٣- ئەنجام نەدانی گۆرانکاری و نەفرۆشتنی پرۆژەکە بەبێ ئاگاداری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

٤- لەکاتی دروستکردنی پرۆژە پێویستە بانی پرۆژەکە لەساندویچ پەنەڵ یان کۆنکریت دروست بکرێت وە زەوی ناوەوەی هۆلەکان دەبێت کۆنکریت بێت و ناوپۆشی ژوورەوەی دیوارەکان زبرنەبێت.

**ماددەی (٢): مەرجەکانی پێدانی مۆلەت:**

١- پاش دروستکردنی پرۆژەپشکنینی کۆتایی بۆئەنجام دەدرێت لەلایەن لیژنەیەك پێکهاتبێت لە(نوێنەرێکی سامانی ئاژەڵی پارێزگا/ سەرۆك لیژنە) و نوێنەرێکی سامانی ئاژەڵ لەگەڵ پێوەرێك لە کشتوکاڵی ناوچەکە.

٢- بەرزکردنەوەی نووسراو و بەڵگەنامەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری بەمەبەستی پێدانی مۆڵەتی کەوتنەکاری پرۆژە.

٣- پابەند بوونی خاوەن پرۆژەکان بەمەرجە هونەری و تەندروستیەکان کە پێویستە لە پرۆژەکەدا هەبێت وەك (سەرچاوەی ئاوی پاك، کارەبا،پەرژین ، سوتێنەر ، حەوزی تعقیم ، تەل بەندکردنی دەرگا و پەنجەرەکان بە هێلەگ، ژووری کۆنترۆڵ، کۆگای ئالیك، کۆگای تایبەت و گونجاو بە جۆری پرۆژەکە، تابلۆی نیشاندەر، تۆمار، هەبوونی سیستەمی ساردکەرەوە وگەرم کەرەوە و هەوا گۆڕکێ).

٤- هەبوونی سەرپەرشتیار بۆ پرۆژەکە بە مەرجێك مۆڵەتی کارکردنی پیشەیی هەبێت و پەسەند کرابێت لە سەندیکای تایبەتمەند.

٥- مۆڵەتی کارکردنی پڕۆژەکە دوو ساڵ جارێک تازەدەکرێتەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
٦- مۆڵەتی تەندروستی ڤێتێرنەری پڕۆژەکە دووساڵ جارێک تازەدەکرێتەوە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

**ماددەی (٣):**

بۆ فراوان کردن، گۆڕینی خاوەندارێتی، گۆڕینی جۆری پڕۆژە ،لەجیاتی وون بوون، ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەپڕۆژەکە، پشکنینی باری ئێستای پڕۆژە ئەنجام دەدرێت لەلایەن لیژنەکانی ئاماژەپێکراولە مادەی (١)/ برگەی یەکەم خالی (ب)و فۆرمی تایبەت بەم پشکنینە بەرز دەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریەکە.

**یەکەم: فراوانکردنی پڕۆژە:-**

أ- پێشکەش کردنی داواکاری به بەشی کشتوکاڵی ناوچەکە.
ب- کۆنووس پشکنین و نەخشەی بۆ ئەنجام بدرێت بەپێی لیژنەی ئاماژە پێکراولە مادەی (١)/برگەی یەکەم خالی (ب)تایبەت بەفراوانکردن.
ج- نەخشەی ئامادەکراو بەشێوەی ترێس شوێنی هۆلی (کۆن و تازە) و دووری نێوان هۆلەکان دەست نیشان بکرێت بەهێلکاری ڕوون بکرێتەوە لە لایەن پێوەری ناوچەکە وە پەسەندکردنی نەخشە لەلایەن بەشی زەوی زار.
د- ڕەزامەندی شارەوانی و یەکەی کارگێڕی ناوچەکە وەربگیرێت.
ه. فراوانکردنەکە لەهەمان ڕووبەری زەوی تەرخانکراودابوو مامەڵەکە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان /بەشی سامانی ئاژەڵ لەگەڵ بەشی زەوی زار ووردبینی دەکرێت وە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری ڕەزامەندی سەرەتایی بۆفراوانکردنی پڕۆژە دەدرێت ، وە ئەگەر فراوانکردنەکە لەهەمان ڕووبەری زەوی تەرخان کراو دا نەبوو یان پێویستی بەزیادکردنی ڕووبەر هەبوو مامەڵەکە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان/بەشی سامانی ئاژەڵ بەرز دەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی ڕووبەری زیادکراو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی زار، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیرو فراوانکردنەکە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری /بەشی سامانی ئاژەڵ دەدرێت.
و- فراوان کردنی پڕۆژە بەدروستکردنی هۆلی دوو نهۆمی بە مەبەستی سوود وەرگرتنی زیاتر لە زەویەکە بەو مەرجەی تۆبۆگرافیای شوێنەکە گونجاو بێت وە بەپێی مەرجە هونەری و تەندروستیەکان جێبەجێ بکرێت.

**دووەم : گۆڕینی جۆری پڕۆژە:-**

مامەڵەکە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان /بەشی سامانی ئاژەڵ لەگەڵ بەشی زەوی زار ووردبینی دەکرێت وە دوای دڵنیابوون لە گونجانی پڕۆژەکە لە ڕووی هونەری و نەخشەوانیەوە ڕەزامەندی گۆڕینی جۆری پڕۆژە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری دەدرێت وە بەشی سامانی ئاژەڵ مامەڵەکە و وێنەی ڕەزامەندیەکە بە یاداشت دەدات بە بەشی زەوی زار بە مەبەستی گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بەو لایەنەی کە پەیوەندی بە زەویەکەوە هەیە دوای ئەنجام دانی گۆڕانکاریەکە و هەبوونی بەڵگەنامەکان مۆڵەتی پڕۆژەکە دەگۆڕدرێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری.

**سێیەم: گۆڕینی خاوەنداریەتی پڕۆژە:-**

هەموو پڕۆژەکان دەگرێتەوە جگە لەو پڕۆژانەی کە دامەزراون وە جۆری زەویەکانیان گرێبەست و بڕیاری دابەشکردنە وە هەر پڕۆژەیەك کڕین و فرۆشتنی لەسەر بکرێت تاکو ماوەی (٢) دوو ساڵ لە دوای وەرگرتنی مۆڵەت گۆڕینی خاوەنداریەتی پڕۆژەی بۆ ئەنجام نادرێت .

بەڵگەنامەکانی داواکراو بۆ گۆڕینی خاوەنداریەتی پڕۆژە:-

أ- پێشکەش کردنی داواکاری.

ب- نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان/ بەشی سامانی ئاژەڵ.

ج- کۆنوسی باری ئێستای پڕۆژە.

د- گرێبەستی لێخۆشبوون (عقد تنازل) لەنێوان فرۆشیارو کڕیار.

ە- ئەستۆپاکی.

و- مۆڵەتی کۆن/ ڕەسەنی پڕۆژەکە.

ز- گرێبەستی سەرپەرشتیاری.

ح- مۆڵەتی پڕۆژەکەو مۆڵەتی تەندروستی ڤێتێرنەری تازە کرابێتەوە.

ط- ناسنامەی باری کەسی کڕیار (فەرمانبەری میری نەبێت) جگە لە زەوی موڵك.

**چوارەم / لەجیاتی وون بوون:**

أ- بەرزکردنەوەی نووسراو لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان/بەشی سامانی ئاژەڵ بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری.

ب- کۆنووسی باری ئێستای پڕۆژە.

ج- بڵاوکردنەوەی مۆڵەتی پڕۆژە لەڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە .

د- مۆڵەتی پڕۆژەکەو مۆڵەتی تەندروستی ڤێتێرنەری تازەکرابێتەوە.

هـ- گرێبەستی سەرپەرشتیاری.

**ماددەی (٤): دووریەکان:**

١- دووری لە سنووری شارەوانی پارێزگاو ئیدارەسەربەخۆکان:

أ- پرۆژەکانی نەژاد (٢٠کم)بیست کیلۆمەتر

ب- پرۆژەکانی دایکانەی (گۆشت و هێلکە) و هێلکەی خواردن و تەواوکاری و سەربڕخانەی پەلەوەر(٥کم) پێنج کیلۆمەتر

ج- پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت و قەل و وشترمل و هەڵهێنەر و کاوێژکاران و کارگەی ئالیك (٣کم) سێ کیلۆمەتر.

٢- دووری لە سنووری شارەوانی قەزا و ناحیەکان:

أ- پرۆژەکانی نەژاد (٥کم) پێنج کیلۆمەتر

ب- پرۆژەکانی دایکانەی (گۆشت و هێلکە) و هێلکەی خواردن و تەواوکاری و سەربڕخانەی پەلەوەر (٣کم) سێ کیلۆمەتر.

ج- پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت و قەل و وشترمل و هەڵهێنەر و کاوێژکاران و کارگەی ئالیك (٢کم) دووکیلۆمەتر.

٣- دووری لە کۆمەڵگای نیشتەجێ بوون:

أ- پرۆژەکانی نەژاد(٥کم) پێنج کیلۆمەتر.

ب- پرۆژەکانی دایکانەی (گۆشت و هێلکە) و هێلکەی خواردن و تەواوکاری و سەربڕخانەی پەلەوەر (١٥٠٠م)هەزارو پێنج سەد مەتر.

ج- پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت و قەل و ووشترمل و هەڵهێنەر و کاوێژکاران و کارگەی ئالیك (١٠٠٠م) هەزار مەتر.

٤- دووری لەگوند:

أ- پرۆژەکانی نەژاد (٥کم) پێنج کیلۆمەتر.

ب- پرۆژەکانی دایکانەی (گۆشت و هێلکە)و هێلکەی خواردن و تەواوکاری و سەربڕخانەی پەلەوەرو کارگەی ئالیك (١٠٠٠م) هەزار مەتر.

ج- پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت و قەل و ووشترمل و هەڵهێنەر و کاوێژکاران (٥٠٠م) پێنج سەد مەتر.

٥- دووری لەڕێگای سەرەکی بۆ گشت پرۆژەکان (٥٠٠م) پێنج سەد مەتر.

٦- دووری لەڕێگای لاوەکی بۆ گشت پرۆژەکان (١٥٠م) سەد و پەنجا مەتر.

٧- دووری لەڕێگای گوند بۆ گشت پرۆژەکان (١٠٠م) سەد مەتر.

٨- دووری لەزێ و ڕووبارو ڕێرەوەکانی ئاوی هەمیشەیی:

أ- پرۆژەی نەژاد (٣٠٠م) سێ سەد مەتر.

ب- سەربڕخانەی پەلەوەر(١٠٠٠م) هەزار مەتر.

ج- پرۆژەکانی تر (٢٠٠م) دوو سەد مەتر.

٩- دووری لەهێڵی پاڵەپەستۆی کارەبای بەرز بۆ گشت پڕۆژەکان (١٠٠م) سەد مەتر.
١٠-دووری لەشوێنی گەشتوگوزار و شوێنەوارو (مەزارگەوشوێنە پیرۆزەکان) و بەنداو و دەریاچەو فرۆکەخانەو بیرەنەوتیەکان و مۆڵگەی سەربازی.
أ- پڕۆژەکانی نەژاد (٣کم) سێ کیلۆمەتر.
ب- پڕۆژەکانی تر (٢کم) دووکیلۆمەتر.
١١- دووری لە شوێنی گۆرستان:
أ- پڕۆژەکانی نەژاد (١)کم یەک کیلۆمەتر.
ب- پڕۆژەکانی تر (٣٠٠)م سێ سەد مەتر.

**ماددەی (٥): مەرجە هونەریەکان**

**یەکەم: پڕۆژەکانی پەلەوەری گۆشت**

١- ڕووبەری تەرخانکراو لە(٥) پێنج دۆنم کەمتر نەبێت.
٢- توانای بەرهەم هێنانی پڕۆژە لە( ٥٠٠٠٠ )پەنجا هەزار جوجکە/وەجبە کەمتر نەبێت وە توانای هەر هۆلێك لە( ٢٥٠٠٠ ) بیست و پێنچ هەزار کەمتر نەبێت.
٣- چڕی مریشك لە (١)م٢ لە ( ١٢ ) مریشك زیاتر نەبێت،(بەڕەچاوکردنی سیستەمی بەخێوکردن لە پڕۆژە)
٤- دووری نێوان پڕۆژەکانی هاوشێوە و قەل و ووشترمل لە(٥٠٠م) پێنج سەد مەترکەمتر نەبێت.
٥- دووری لەپڕۆژەکانی هەڵهێنەرو کارگەی ئالیک لە (١٠٠٠م) هەزار مەتر کەمتر نەبیت.
٦- دووری لەپڕۆژەکانی دایکانەی(گۆشت و هێلکە) و هێلکەی خواردن و تەواوکاری و سەربڕخانەی پەلەوەری و ئاژەڵی لە (٢کم) دووکیلۆمەتر کەمتر نەبێت.
٧- دووری لەپڕۆژەکانی نەژاد (داپیران) لە (٥کم)پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.
٨- دووری لەپڕۆژەکانی کاوێژکاران لە (٣٠٠م)سێ سەد مەتر کەمتر نەبێت.
٩- دووری لەپڕۆژەکانی ماسی لە (١٥٠م) سەد و پەنجا مەتر کەمتر نەبێت.
١٠-دووری نێوان هۆلەکانی یەك پڕۆژە لە (٢٠م) بیست مەتر کەمتر نەبێت.

**دووەم: پڕۆژەکانی پەلەوەری نەژاد ( داپیرانی گۆشت و هێلکە)**

١- دووری نێوان پڕۆژەکانی هاوشێوە لە( ٥کم) پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.
٢- دووری لەپڕۆژەکانی دایکانەی(گۆشت و هێلکە)و هێلکەی خواردن و تەواوکاری و پەلەوەری گۆشت و قەل و ووشترمل و هەڵهێنەرو کارگەی ئالیك ( ٥کم) پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.
٣- دووری لەسەربڕخانەی پەلەوەرو ئاژەڵ لە (١٠ کم) دەکیلۆمەتر کەمتر نەبێت.
٤- دووری لەپڕۆژەکانی ماسی و کاوێژکاران لە (١٠٠٠م)هەزار مەتر کەمتر نەبێت.
٥- دووری نێوان کێلگەکانی یەك پڕۆژە لە (٥٠٠م) پێنج سەد مەترکەمتر نەبێت.
٦- دووری نێوان هۆلەکانی یەك کێلگە لە (٢٠م) بیست مەتر کەمتر نەبێت.

٧- چڕی مریشك لە (١)م٢ بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | جۆری مریشك | چڕی لەماوەی بەخێوکردن | چڕی لەماوەی بەرهەم هێنان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | داپیرانی گۆشت | ١٠ جوجەڵە/م$^2$ | ٤-٦مریشك/م$^2$ | بەرەچاوکردنی سیستەمی بەخێوکردن لە پڕۆژە |
| ٢ | داپیرانی هێلکە | ١٢ جوجەڵە/م$^2$ | ٦-٧ مریشك/م$^2$ | |

**سێیەم:پڕۆژەکانی (دایکانەی گۆشت و هێلکە) و (مریشکی هێلکەی خواردن)**

١- دووری نێوان پڕۆژەکانی هاوشێوە لە (١٥٠٠م)هەزار و پێنج سەد مەتر کەمتر نەبێت.

٢- دووری لەپڕۆژەکانی نەژاد (داپیران) لە (٥کم) پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت

٣- دووری لە پڕۆژەکانی کارگەی ئالیك لە (١٠٠٠م)هەزار مەتر کەمتر نەبێت.

٤- دووری لە پڕۆژەکانی پەلەوەری گۆشت و قەل و ووشترمل و هەڵهێنەر و تەواوکاری لە (٢کم) دوو کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٥- دووری لە سەربڕخانەی پەلەوەرو ئاژەڵ لە (٥کم)پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٦- دووری لەپڕۆژەکانی کاوێژکاران لە (٣٠٠م) سێ سەد مەتر کەمتر نەبێت.

٧- دووری لەپڕۆژەکانی ماسی لە (١٥٠م) سەد و پەنجا مەتر کەمتر نەبێت.

٨- دووری نێوان کێلگەکانی یەك پڕۆژە وهەریەك لەهۆڵەکانی (پەروەردەو بەرهەم هێنان) وە دووری لەنێوان بازنەکان لەیەکتر (٣٠٠م) سێ سەد مەترکەمتر نەبێت.

٩- دووری نێوان هۆڵەکانی یەك کێلگە لە (٢٠م) بیست مەتر کەمتر نەبێت.

١٠- چڕی مریشك لە ١م$^2$ بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | جۆری مریشك | چڕی لە ماوەی بەخێوکردن | چڕی لە ماوەی بەرهەم هێنان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دایکانەی گۆشت | ١٠ جوجەڵە/م$^2$ | ٤-٦مریشك/م$^2$ | بەرەچاوکردنی سیستەمی بەخێوکردن لە پڕۆژە |
| ٢ | دایکانەی هێلکە | ١٢ جوجەڵە/م$^2$ | ٦- ٧مریشك/م$^2$ | |
| ٣ | هێلکەی خواردن | ١٢ جوجەڵە/م$^2$ | ٧ مریشك/م$^2$ | |

**چوارەم: پڕۆژەکانی (هەلهێنەری پەلەوەر)**

١- دووری نێوان پڕۆژەکانی هاوشێوە لە (١٠٠٠م) هەزار مەتر کەمتر نەبێت.

٢- دووری لەپڕۆژەکانی نەژاد (داپیران) لە (٥کم) پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٣- دووری لەپڕۆژەکانی دایکانەی (کۆشت و هێلکە) و هێلکەی خواردن و تەواوکەر لە (٢کم) دووکیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٤- دووری لەپڕۆژەکانی پەلەوەری گۆشت و قەل و ووشترمل و کارگەی ئالیك لە (١٠٠٠م) هەزار مەتر کەمتر نەبێت.

٥- دووری لە پڕۆژەکانی سەربڕخانەی پەلەوەر و ئاژەڵ لە (٢کم) دوو کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٦- دووری لەپڕۆژەکانی کاوێژکاران لە(٣٠٠م) سێ سەد مەتر کەمتر نەبێت.

٧- دووری لەپڕۆژەکانی ماسی لە (١٥٠م) سەد و پەنجا مەتر کەمتر نەبێت.

٨- ووزەی هەڵهێنەرەکە لەیەك سێت کەمتر نەبێت.

**پێنجەم: پڕۆژەکانی(سەربڕخانەی پەلەوەر)**

١- دووری نێوان پڕۆژەکانی هاوشێوە لە (٥کم) پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٢- دووری لەپڕۆژەکانی نەژاد (داپیران) لە (١٠کم) دەکیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٣- دووری لەپڕۆژەکانی پەلەوەری گۆشت و قەل و ووشترمل و هەڵهێنەر و کارگەی ئالیك لە (٢کم) دوو کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٤- دووری لەپڕۆژەکانی دایکانەی (کۆشت و هێلکە) و هێلکەی خواردن و تەواوکاری لە(٥کم) پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٥- دووری لەپڕۆژەکانی کاوێژکاران لە (٣٠٠م) سێ سەد مەتر کەمتر نەبێت.

٦- دووری لەپڕۆژەکانی ماسی لە (١٥٠م) سەد و پەنجا مەتر کەمتر نەبێت.

٧- توانای پڕۆژەکە لە (٤٠٠٠) چوار هەزار مریشك/کاتژمێر کەمتر نەبێت.

٨- دروست کردنی کۆگای بەستێنەر بەپێی ووزەی سەربڕخانەکە بێت.

٩- چارەسەرکردنی پاشماوەی سەربڕخانەی پەلەوەری بەشێوەی زانستی و بەپێی ڕێنماییەکانی ژینگەیی بێت.

**شەشەم: پڕۆژەکانی پەلەوەری تەواوکار (متكامل):**

١- پڕۆژەکە نابێت لە سێ بازنە کەمتر بێت ( دایکانەی هێلکەی تروکاندن + هەڵهێنەر + کارگەی ئالیك).

٢- ڕووبەری زەویەکە لە (١٠٠) سەد دۆنم کەمتر نەبێت

٣- لەکاتی دامەزراندن یان زیادکردنی بازنەی ( پەلەوەری گۆشت-سەربڕخانەی پەلەوەر) دووری پڕۆژەکە لە(٢کم) دوو کیلۆمەترکەمتر نەبێت.

٤- دووری لەنێوان پڕۆژەکانی هاوشێوە لە (١٥٠٠م) هەزار و پێنج سەد مەتر کەمتر نەبێت.

٥- دووری لەپڕۆژەی نەژاد ( داپیران) لە (٥کم) پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٦- دووری لەپڕۆژەکانی دایکانەی( گۆشت و هێلکە) و هێلکەی خواردن و تەواوکاری و هەڵهێنەر و پەلەوەری گۆشت و قەل و ووشترمل لە (٢کم) دووکیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٧- دووری لەسەربڕخانەی پەلەوەرو ئاژەڵی لە (٥کم) پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٨- دووری لەکارگەی ئالیك لە(١٠٠٠م) هەزار مەترکەمتر نەبێت.

٩- دووری لەپڕۆژەکانی کاوێژکاران لە (٣٠٠م) سێ سەد مەتر کەمتر نەبێت.

١٠-دووری لەپڕۆژەکانی ماسی لە (١٥٠م) سەد و پەنجا مەتر کەمتر نەبێت.

١١- دووری لەنێوان بازنەکانی پڕۆژە لە (٣٠٠م) سێ سەد مەتر کەمتر نەبێت.

١٢- دووری لەنێوان هۆلەکانی یەك کێلگە لە (٢٠م) بیست مەترکەمتر نەبێت.

١٣- ڕەچاوکردنی هاوسەنگی لەنێوان ووزەی بازنەکانی بەرهەم هێنان لەپڕۆژە.

**حەوتەم: پڕۆژەکانی بەخێوکردن و قەڵەوکردنی ئاژەڵە کاوێژکارەکان:**

١- ڕووبەری پێویست بۆ هەر ئاژەڵێك لەناو هۆڵی داخراو و کراوەدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | جۆری ئاژەڵ | لە ناو هۆڵی داخراو | لە ناو هۆڵی کراوە |
|---|---|---|---|
| ١ | مانگای شیر | ٣م$^{2}$/ سەر | ٦م$^{2}$/ سەر |
| ٢ | گۆلك | ٢م$^{2}$/ سەر | ٤م$^{2}$/ سەر |
| ٣ | مەڕ و بزن | ١,٥م$^{2}$/ سەر | ٣م$^{2}$ /سەر |
| ٤ | بەرخ و کار | ١م$^{2}$/ سەر | ٢م$^{2}$/ سەر |

٢- ووزەی پڕۆژە: پێویستە ووزەی پڕۆژە لەم ژمارانەی خوارەوە کەمتر نەبێت بۆ هەر پڕۆژەیەك وەخاوەن پڕۆژە بەرپرسە لە دابین کردنی ئالیکی سەوز بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ لە پڕۆژەکەی:

أ- پڕۆژەی بەخێوکردنی مانگای شیر لە (٥٠) پەنجا سەر کەمتر نەبێت.

ب- پڕۆژەی قەڵەوکردنی گۆلك لە (٣٠٠) سێ سەد سەر کەمتر نەبێت.

ج- پڕۆژەی بەخێوکردنی (مەڕو بزن ) و (کار یان بەرخ ) لە (٥٠٠) پێنج سەد سەر کەمتر نەبێت.

٣- دووری نێوان پڕۆژەی هاوشێوە لە (٣٠٠) سێ سەد مەتر کەمتر نەبێت.

٤- دووری لەپڕۆژەکانی پەلەوەر بەگشتی و کارگەی ئالیك و سەربڕخانەی پەلەوەر و هەڵهێنەری پەلەوەرلە (٣٠٠م) سێ سەد مەتر کەمتر نەبێت.

٥- دووری لەپڕۆژەی نەژاد (داپیران) لە (١٠٠٠م) هەزار مەتر کەمتر نەبێت.

٦- دووری لەپڕۆژەی ماسی لە (١٥٠م) سەد و پەنجا مەتر کەمتر نەبێت.

**هەشتەم: پڕۆژەکانی قەل و وشترمل (نعامە)**

١- دووری نێوان پڕۆژەکانی هاوشێوەو پەلەوەری گۆشت لە (٥٠٠م) پێنج سەد مەتر کەمتر نەبێت.

٢- دووری لەپڕۆژەکانی هەڵهێنەرو کارگەی ئالیك لە (١٠٠٠م) هەزار مەتر کەمتر نەبێت.

٣- دووری لەپڕۆژەکانی دایکانەی (گۆشت و هێلکە) و هێلکەی خواردن و تەواوکاری و سەربڕخانەی پەلەوەر و ئاژەڵی لە (٢کم) دوو کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٤- دووری لەپڕۆژەکانی نەژاد ( داپیران) لە (٥کم) پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٥- دووری لەپڕۆژەکانی کاوێژکاران لە (٣٠٠م) سێ سەد مەتر کەمتر نەبێت.

٦- دووری لەپڕۆژەکانی ماسی دەبێت لە (١٥٠م) سەد و پەنجا مەتر کەمتر نەبێت.

٧- دووری نێوان هۆلەکانی یەك پڕۆژە لە (٢٠م) بیست مەتر کەمتر نەبێت.

أ- چڕی قەل(٢-٣) قەل لە( ١ ) م$^{2}$ یەک مەتر دووجا.

ب- چڕی وشترمل (٤) م$^{2}$ / ووشترمل لەناو هۆل وە (٣٠) م$^{2}$/ ووشترمل لەدەرەوەی هۆل.

**نۆیەم: پڕۆژەکانی( کارگەی ئالیك)**

١- دووری نێوان پڕۆژەکانی هاوشێوە لە (٥٠٠م) پێنج سەد مەتر کەمتر نەبێت.

٢- دووری لەپڕۆژەکانی نەژاد (داپیران) لە (٥کم) پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٣- دووری لەپڕۆژەکانی دایکانەی(گۆشت و هێلکە)و هێلکەی خواردن و تەواوکاری و هەڵهێنەرو پەلەوەری گۆشت دەبێت لە (١٠٠٠م) هەزار مەترکەمتر نەبێت.

٤- دووری لە پرۆژەکانی سەربڕخانەی پەلەوەرو ئاژەڵی لە (٢کم) دووکیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٥- دووری لەپڕۆژەکانی کاوێژکاران لە (٣٠٠م) سێ سەد مەتر کەمتر نەبێت.

٦- دووری لەپڕۆژەکانی ماسی لە (١٥٠م) سەد و پەنجا مەترکەمتر نەبێت.

٧- توانای بەرهەم هێنانی کارگەکە لە (٢٠) بیست تەن/ کاتژمێر کەمتر نەبێت.

**ماددەی (٦): پڕۆژە ستراتیجیەکان.**

**یەکەم: پەلەوەر**

١- پڕۆژەی هێلکەی خواردن ووزەکەی(٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا ملیۆن هێلکە/ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- پڕۆژەی دایکانەی هێلکەی ترووکاندن و هێلکەی خواردن بەتوانای (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار مریشك کەمتر نەبێت.

٣- سەربڕخانەی پەلەوەر تواناکەی (٨٠٠٠) هەشت هەزار مریشك/ کاتژمێر کەمتر نەبێت.

٤- پڕۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەری گۆشت ووزەی (٢٥٠,٠٠٠) دووسەدوپەنجا هەزار جوجکە/ وەجبە کەمتر نەبێت.

**دووەم: ئاژەڵداری**

١- پڕۆژەی بەخێوکردنی مانگای شیر ووزەکەی (١٠٠٠) هەزار سەر کەمتر نەبێت پڕۆژەکە ئەم بەشانە لە خۆ بگرێت:-

أ- شوێنی دۆشینی مانگا بەئامێری ئۆتۆماتیکی.

ب- کارگەی ئالیك تایبەت بە پڕۆژە.

ج- کارگەی شیرەمەنی بەپێ ی تایبەتمەندی کۆمپانیای دروستکەر.

د- کۆگای هەڵگرتن و پاراستنی شیرو بەروبوومەکانی.

هـ- تاقیگەی شیکاری بۆ بەروبوومە شیرییەکان.

٢- پڕۆژەی قەڵەوکردنی گۆلك

أ- قەڵەوکردنی گۆلك ووزەی (٣٠٠٠) سێ هەزار سەر کەمتر نەبێت.

ب- بەخێوکردنی کار یان بەرخ ووزەی (٥٠٠٠) پێنج هەزار سەر کەمتر نەبێت.

**ماددەی (٧): سەرپێچی کردن:**

١- لەکاتی تەواو نەکردنی پڕۆژەکانی سامانی ئاژەڵ لە دوای وادەی دیاریکراوی یاسایی خۆیدا بەپێی ماددەی یەکەم بڕگەی دوو خاڵی ب/٢، رەزامەندیەکەی بە هەڵوەشاو هەژماردەکرێت.

٢- هەر پڕۆژەیەك (٢) دوو جار لەسەر یەک مۆڵەتەکەی نوێ نەکردەوە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان/ بەشی سامانی ئاژەڵ بە فەرمی ئاگاداربکرێتەوە و هۆشداری پێ بدرێت، ئەگەر پابەند نەبێت بەپێچەوانەوە مۆڵەتەکەی بە هەڵوەشاوە هەژماردەکرێت.

٣- لە کاتی ئەنجامدانی گۆڕانکاری و فرۆشتن بە بێ ئاگاداری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وە کاتێک خاوەن پڕۆژە پابەند نەبوو بە مەرجی هونەری و ڤێتێرنەری ودوای ئاگادار کردنەوەی :

أ- بۆ جاری یەکەم پڕۆژەکە (٣) سێ مانگ دابخرێت .

ب- بۆ جاری دووەم پڕۆژەکە (٦) شەش مانگ دابخرێت .

ج- بۆ جاری سێیەم پڕۆژەکە (١٢) دوازدە مانگ دابخرێت .

د- بۆ جاری چوارەم مۆڵەتی پڕۆژەکە بە هەڵوەشاوە هەژماردەکرێت.

٤- هەڵوەشانەوەی مۆڵەتی پڕۆژەکان کە لە خاڵەکانی (١-٢-٣) ی ئەم ماددەیە هاتووە بە ڕەزامەندی وەزیر دەبێت.

**ماددەی (٨):**

کار بە هیچ ڕێنماییەك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٩):**

کار بە ڕێنمای ژمارە (٣) ی (٢٠١١) ناکرێت.

**ماددەی (١٠):**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە دوای بڵاوبوونەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان) .

**بێگەرد تاڵەبانی**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەچاوەکانی ئاو**
**ژمارە: ٧٠٨١ لە ٢٠٢١/١٠/٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لەماددەی (٥)پێنجەم بڕگەی (٣) سێیەم لەیاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٠) بڕیارمان دا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە.

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١**
**تایبەت بە دامەزراندن و مۆڵەت پێدانی پرۆژەکانی سامانی ماسی**

**ماددەی (١): مەرجەکانی ڕەزامەندی سەرەتایی وپێدانی مۆڵەت**

**یەکەم: مەرجەکانی پێدانی ڕەزامەندی سەرەتایی بۆدروست کردنی پرۆژە:**

١- پێشکەش کردنی داواکاری لەلایەن هاووڵاتی بەمەرجێك تەمەنی لە (١٨) هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت و ناکام نەبێت لەرێگای کشتوکاڵی ناوچەکە (زەوی و زار و سامانی ئاژەڵ) بۆ مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەتایی دروستکردنی پرۆژەکە.

٢- فەرمانبەر نەبێت جگە لە زەوی مولك.

٣- هێنانی بەڵێننامە لەبەشی یاسایی/بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان کە پابەندبوونی خۆی دوپات دەکات بەم خاڵانەی خوارەوە:

أ- بەکارهێنانی زەوییەکە تەنها بۆ مەبەستی دروست کردنی پرۆژەکە بێت.

ب- پرۆژەکە دروستدەکرێت لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەتایی و ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکان و پێویستە لەماوەی یەك ساڵ دا تەواوی بکات.

ج- ئاگادارکردنەوەی بەشی سامانی ماسی لە کاتی لە کاروەستان و دروست نەکردنی پرۆژەکە وە دەست نیشانکردنی هۆکارەکان.

د- لەدوای پشکنینی باری ئێستای دروستکردنی پرۆژەکە وە قۆناغەکانی کارکردن تێدا ، وە بونی هۆکاری گونجاو بریار دەدرێت کەساڵێکی پێبدرێت بۆ دروستکردنی پرۆژەکەی بەمەرجی راستاندنی سەرجەم بەراییەکان.

هـ- پابەندی یاساو رێنماییەکانی لایەنە پەیوەندارەکان بێت لەدروستکردن و کارپێکردنی پرۆژەکە.

و- رێگادان بەلیژنەکانی بە دوا داچوونی سەر بە وەزارەت و نواندنی ئاسانکاری بۆیان بۆ چوونە ناو پرۆژەکە لە هەرکاتێکدا بە مەبەستی بەدوادا چوون.

٤- دووریەکان:-

أ- دووری (٢)کم دووکیلۆمەتر لەسنووری شارەوانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و (١)کم یەك کیلۆمەتر لە سنووری شارەوانی قەزا و ناحیەکان کەمتر نەبێت هەروەها دووری (٢٠٠)م دوو سەد مەتر لە شەقامی سەرەکی و (١٥٠)م سەد و پەنجا مەتر لە شەقامی لاوەکی و (٢٠٠)م دووسەد مەتر لە گوند کەمتر نەبێت.

ب- دووری لەپرۆژەی هاوشێوە (١٥٠)م سەدو پەنجامەتر کەمتر نەبێت.

ت- دووری لەپرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ (١٥٠)م سەد و پەنجا مەتر نەبێت جگە لە پرۆژەی پەلەوەری ئەژداد لە (١)کم یەك کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

پ- دووری لە هێلی کارەبای پاڵەپەستۆی بەرز لە (١٠٠)م سەد مەتر کەمتر نەبێت.

٥- ئەنجامدانی پشکنینی ئاو و خاك بۆ پرۆژەکانی حەوزی خۆڵی و تەنها پشکنینی ئاو بۆ گشت جۆری پرۆژەکانی تر (کۆنکرێتی ، قەفەسی ، داخراو).

٦-بۆ حەوزی قەفەسی پێویستە ڕەزامەندی بەرێوبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو وەربگیرێت ئەگەر لەسنووری رووبار دروست بکرێت یاخود رەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی بەنداوەکان وکۆگا ئاوییەکان وەربگیرێت ئەگەر پرۆژەکە لەبەنداوەکان دروست بکرێت.

٧-ئەنجامدانی پشکنین بۆ شوێنی پرۆژەکە بەپێی فۆرمی پشکنینی تایبەت.

٨-بەرزکردنەوەی مامەڵەکە لەلایەن بەشی سامانی ئاژەڵ لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان بۆ بەشی سامانی ماسی لەبەرێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتیرنەری جگە لە پرۆژەکانی حەوزی هەڵواسراو (قەفەس) , بەمەبەستی رێکارە یاساییەکانی تایبەت بە تەرخان کردنی ڕووبەری زەوی دیاری کراو بۆ پڕۆژەکە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زار دوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزیر.

**دووەم: مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت:**

١-لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان نووسراو دەکرێت بۆ وەرگرتنی رەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکان (وەك لە ماددەی پێنجەم داهاتووە)لە سەر دروست کردنی پرۆژەکە و لەسەر ئەو پارچەزەوییەی کە دیاری کراوە.

٢-ئەنجامدانی پشکنینی کۆتایی بۆ پرۆژەکە ودیاری کردنی ووزەکەی.

٣-پێویستە پەرژین لە چواردەوری پرۆژەکە دروستکرابێت, و کۆگای ئالیك و تابلۆی نیشاندەر و تۆماری هەبێت لە هەموو جۆرەکانی پرۆژەی ماسی.

٤-هەبوونی سەرپەرشتیار بۆ پرۆژەکە بەمەرجێك مۆڵەتی کارکردنی پیشەیی هەبێت و پشتگیری کرابێت لەلایەن سەندیکاوە.

٥-بەڵگەنامەکانی سەرەوە لەلایەن بەشی سامانی ئاژەڵە بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەرزدەکرێتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتیرنەری بۆپێدانی مۆڵەت.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم: نوێکردنەوەی مۆڵەتی پرۆژە**

دووساڵ جارێك لەبەرێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان ئەنجامدەدرێت وە وێنەیەك دەدرێت بە بەرێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتیرنەری.

**دووەم: گۆرینی خاوەنداریەتی پرۆژە**

١- وەرگرتنی ڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زار.

٢- ئەنجامدانی پشکنینی پرۆژەکە بەپێی فۆرمی تایبەت.

٣- نویٚ کردنەوەی مۆڵەتی پرۆژەکە.

٤- گۆرینی خاوەنداریەتی لەبەشی سامانی ماسی لەبەرێوەبەراتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتیرنەری دەکرێت.

**سێیەم: هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی پرۆژە:**

١- ڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان.

٢- دوای پێدانی هۆشداری بەنوسراوی فەرمی بۆماوەی(٣٠) سی رۆژ مۆڵەتەکەی بەهەڵوەشاوە هەژماردەکرێت.

٣- هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی پرۆژە لەبەشی سامانی ماسی لەبەرێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتیرنەری دەکرێت, بەڕەزامەندی وەزیر.

**ماددەی (٣): مەرجەهونەرییەکان**

**یەکەم: مەرجەکانی پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی لەحەوزی خۆڵ:-**

١- سەرچاوەی ئاوی پرۆژەکە بیری ئیرتوازی نەبێت.

٢- رووبەری گشتی زەوی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکە لە (٣)سیٚ دۆنم کەمتر نەبێت و رووبەری ئاوی پرۆژەکە لە (٢)دوو دۆنم کەمتر نەبێت.

٣- وەرگرتنی رەزامەندی ئەم فەرمانگانە (ژینگە ، شارەوانی و گەشتوگوزار،سامانە سروشتییەکان).

**دووەم: مەرجەکانی پڕۆژەی بەخێوکردنی ماسی لە حەوزی قەفەس:-**

ئەم جۆرە پرۆژەیە لە ناو بەنداو و ڕێڕەوە ئاوییەکان دا دادەنرێت.

١- ڕووبەری ئاوی پڕۆژەکە لە (١٥٠)م٢ سەدو پەنجا مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٢- قوڵی ئاوەکە لەشوێنی پڕۆژەکە لە (٣)م سیٚ مەتر کەمتر نەبێت.

٣-پڕۆژەکە ڕێگر نەبێت لە کاری خاوێنکردنەوەی ڕێڕەوی ئاوی و بەلەمەوانی لەدەریاچەو بەنداوەکان.

٤- نابێت حەوزەکان لەکەناڵەکانی ئاودێری دابنرێت.

٥- وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەم فەرمانگانە (ژینگە,گەشت و گوزار).

٦-دانانی هێمای ڕووناك کەرەوە بۆ دەرخستنی سنوور و پانتایی پڕۆژەکە لەشەودا.

**سێیەم: مەرجەکانی پڕۆژەی بەخێوکردنی ماسی لەحەوزی کۆنکریت:-**

ئەم جۆرەحەوزەبەکاردەهێنرێت بۆبەخێوکردنی چڕ (التربية المكثفة) وبەبەردەوامی ئاوی پڕۆژەکە لە گۆڕاندایە و لەچیمەنتۆ و بلۆك دروست دەکرێت .

١- ڕووبەری زەوی تەرخانکراو بۆ پڕۆژەکە (١)یەك دۆنم کەمتر نەبێت و ڕووبەری ئاوی لە (٣٠٠)م٢ سێ سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٢- سەرچاوەی ئاوی پڕۆژەکە بیری ئیرتیوازی نەبێت.

٣- وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەم فەرمانگانە (ژینگە, شارەوانی و گەشت و گوزار, سامانە سروشتیەکان).

**چوارەم: مەرجەکانی پڕۆژەی بەخێوکردنی ماسی لەحەوزی داخراو و پڕۆژەی بەرهەمهێنانی ماسی جوانی:-**

١- سەرچاوەی ئاوی پڕۆژەکە دەکرێت بیری ئیرتوازی بێت.

٢- وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەم فەرمانگانە (ژینگە, شارەوانی و گەشت و گوزار, سامانەسروشتیەکان).

**پێنجەم: مەرجەکانی پڕۆژەی بەرهەمهێنانی پەنجەماسی (هەڵهێنەر):-**

١- سەرچاوەی ئاوی پڕۆژەکە دەکرێت بیری ئیرتوازی بێت.

٢- وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەم فەرمانگانە(ژینگە, شارەوانی و گەشت و گوزار, سامانەسروشتیەکان).

**ماددەی (٤):**

کار بە هیچ ڕێنماییەك ناکرێ کەناکۆك بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٥):**

کار بەڕێنمای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٣) ناکرێت.

**ماددەی (٦):**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنمایە**

بەمەبەستی پەرەپێدان و گەشەکردنی سامانی ماسی لەهەرێمی کوردستان و پەرەپێدانی ئەم سامانە نەتەوەییە ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ٧٢٢٩ لە ٢٠٢١/١٠/١٤**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٥) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵی و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ بڕیارماندا بە :-

**یەکەم**: کردنەوەی ( هۆبەی ماڵپەر ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن .

**دووەم** : ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٧٦٩ لە ٢٠٢١/١٠/١٣**

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، و ئاماژە بەنووسراوی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١٢١٥٤) لە ٢٠٢١/١٠/٦، و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

**یەکەم:** کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ( **جێبەجێکردنی سێیەمی هەولێر** ) .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٩٢٥٤ لە ٢٠٢١/٩/٢٦**

**بەیانی ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٢١**
**هێنانەکایەی قەزای باتیفا و ناحیەی بێگۆڤا**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩، و ماددەی بیست و شەشەم برگە لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەمواركراو ، و ئاماژە بەفەرمانی هەرێمی ژمارە (١٨٤ لە ٢٠٢١/٦/٢٢) و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان / سەرۆك وەزیران ژمارە (٢٧٢١ لە ٢٠٢١/٩/٩) و دوا بەدوای بەیانمان ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بەهێنانە کایەی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ و نووسراوەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان بە ژمارەکانی ١٤٣٣ لە ٢٠٢١/٤/٢٧ و ١٥٦٠ لە ٢٠٢١/٥/٥ و ١٨٣٨ لە ٢٠٢١/٥/٣٠ و دوابەدوای نووسراوەکانمان ژمارە (٩٥٢٩ لە ٢٠٢١/٥/١١ و ٥٠٣٣ لە ٢٠٢١/٢/٢٤ و ٥٠٣٢ لە ٢٠٢١/٢/٢٤) سەبارەت بە هێنانەکایەی قەزای باتیفا و ناحیەی بیگۆڤا و هەردوو نووسراوی پارێزگای دهۆك ژمارە (٩٥٨ لە ٢٠٢١/٢/١٤ و ٩٧١ لە ٢٠٢١/٢/١٤) و هەردوو بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك ژمارە (٢ی ساڵی ٢٠١٩) و ژمارە (٥ی ساڵی ٢٠٢١) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** هێنانەکایەی قەزای (باتیفا) سەر بە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ لە سنووری پارێزگای دهۆك.

**دووەم:** هێنانەکایەی ناحیەی (بێگوڤا) سەربەقەزای باتیفا لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ.

**سێیەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**بەیانی هەڵاوێرکردن (أستثناء) ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١**

لە سەر رۆشنایی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی (١٩٧٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ماددەی یەکەم (دووەم برگەی – د)، و ئاماژە بەنووسراوی وەزارەتی داد / بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی / بەشی گرێبەستەکان ژمارە (٢١٢٧ لە ٢٠٢١/٧/٢٥) ، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە:
هەڵاوێرکردن (أستثناء) بەپێی یاسای سەرەوە بۆ بەدەرخستن و وەرگرتنەوەی مولکی ژمارە (٢١٣/٢کەرتی ٤٤ وارش) لە کرێچی بەناوی (رمزی محمود عوسمان) وە گەڕاندنەوەی مافی ڕەفتار بۆ خاوەن مووڵک لە وەزارەتی داد / بەرێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکانی هەولێر.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (سەنتەری ڕاهێنان) بۆ ڕاستکردنەوەی ددان لە سەنتەری خانزادی فێرکاری سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٥.

**بەیانی ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (سەنتەری تیشک لە قەڵادزێ) لە سنوری بەرێوەبەرایەتی تەندروستی ڕاپەرین سەر بەبەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٩.

**بەیانی ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی ( تاقیگەی پشکنینی کۆرۆنا لە قەڵادزێ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەرین
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/١٣.

**بەیانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی(سەنتەری پشکنینی کۆرۆنا لە ڕاپەرین) سەر بە بەرێوبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەرین.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/١٣.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**جمهورية العراق**
**إقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (١١) لسنة ٢٠٢١**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (الاولى) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءا على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (٣) بتاريخ ٢٠٢١\٩\٧، قررنا إصدار:

**قانون رقم (١١) لسنة ٢٠٢١**
**قانون التعديل الثاني لقانون هيئة النزاهة لإقليم كوردستان ـ العراق رقم (٣) لسنة ٢٠١١**

**المادة (١):**
تلغى الفقرتان (أولاً) و (ثانياً) من المادة (السابعة) من القانون، ويعاد تسلسل الفقرات الأخرى للمادة تبعاً لذلك.

**المادة (٢):**
لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٣):**
ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

لأجل رفع التعارض بين الفقرة (أولاً) من المادة (السادسة) والفقرتين (أولاً) و(ثانياً) من المادة (السابعة) من القانون، والذي نتج عن القانون رقم (٧) لسنة ٢٠١٤ قانون التعديل الأول لقانون هيئة النزاهة لإقليم كوردستان ــ العراق رقم (٣) لسنة ٢٠١١، وبغية تنفيذ القانون على الوجه الصحيح والملائم، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كردستان**

**أربيل**
**٢٠٢١/١٠/٦**

**جمهورية العراق**
**إقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (١٣) لسنة ٢٠٢١**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (الاولى) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (٣) بتاريخ ٢٠٢١\٩\٧، قررنا إصدار:

## القانون رقم (١٢) لسنة ٢٠٢١
## قانون الأوسمة والميدالية في إقليم كوردستان – العراق

**المادة (١):**
يقصد بالمصطلحات والعبارات الآتية لأغراض أحكام هذا القانون المعاني المبينة إزاءها:
**أولاً: الإقليم:** إقليم كوردستان - العراق.
**ثانياً: الرئيس:** رئيس إقليم كوردستان ـ العراق.
**ثالثاً: المجلس:** مجلس وزراء إقليم كوردستان ـ العراق.

**المادة (٢):**
**أولاً:** الأوسمة والميدالية بموجب أحكام هذا القانون هي ما يأتي:
١- وسام الوطن.
٢- وسام السلام والتعايش.
٣- وسام البيشمركة.
٤- ميدالية الكفاح والشجاعة.

**ثانياً:**
١- **وسام الوطن:** يمنح لمن يقدم خدمة جليلة للإقليم في المجال المدني أو يقوم بإبداع عظيم في مجال عمله خدمة للبشرية.
٢- **وسام السلام والتعايش:** يمنح لمن يقدم خدمة جليلة للإقليم في مجال تنمية السلام وحقوق الإنسان والتعايش.
٣- **وسام البيشمركة:** يمنح للشخص الأجنبي الذي يقدم خدمة جليلة للإقليم.
٤- **ميدالية الكفاح والشجاعة:** تمنح لمن يقدم خدمة جليلة في المجال العسكري والأمن أو عند حماية الإقليم والدفاع عنه بحيث يستحق التكريم والتقدير، أو تمنح لورثته.

**المادة (٣):**

**أولاً:** يحدد بنظام يصدره الرئيس الأشكال والنقوش والرسومات والرموز والمواد التي تصنع منها الأوسمة والميدالية.

**ثانياً:** يمنح الوسام والميدالية في مناسبة خاصة بمرسوم من قبل الرئيس.

**المادة (٤):**

**أولاً:** للرئيس منح الوسام والميدالية في أي وقت للأشخاص المستحقين.

**ثانياً:** لرئاسة الإقليم اقتراح اختيار الأشخاص المستحقين لمنحهم الأوسمة والميدالية.

**ثالثاً:** لرئيس برلمان كوردستان ورئيس مجلس القضاء في الإقليم اقتراح اختيار الأشخاص المستحقين لمنحهم الأوسمة والميدالية.

**رابعاً:** يتم اقتراح الأشخاص المستحقين لمنحهم الأوسمة والميدالية إلى رئاسة الإقليم بناءً على توصية الوزير المختص أو رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة بموافقة المجلس.

**خامساً:** تشكل لجنة مختصة في رئاسة الإقليم لتقييم الأسماء المقترحة لعرضها أمام الرئيس لغرض منحهم الأوسمة والميدالية.

**المادة (٥):**

**أولاً:** تمنح الامتيازات الآتية لحملة الأوسمة أو الميدالية بموجب أحكام هذا القانون:

١- دعوتهم إلى المناسبات الوطنية الرسمية.

٢- منحة مالية يحدد مقدارها من قبل رئاسة الإقليم وتصرف من موازنة رئاسة الإقليم.

٣- أية منح وامتيازات أخرى واردة في نظام تنفيذ أحكام هذا القانون.

**ثانياً:** يحمل الوسام والميدالية في المناسبات الرسمية والوطنية.

**ثالثاً:** عند وفاة حامل الوسام والميدالية، يحق لورثته الاحتفاظ بها دون أن يكون لهم حق حملها.

**المادة (٦):**

**أولاً:** يسترد رئيس الإقليم بمرسوم الوسام أو الميدالية الممنوحة من حاملها بناءً على توصية لجنة تحقيقية مؤلفة من ثلاثة أعضاء أحدهم حقوقي، تشكل في رئاسة الإقليم لهذا الغرض، عند تحقق إحدى الحالات الآتية:

١- إذا تبين أنه كان محكوماً بجريمة مخلة بالشرف أو حكم بها لاحقا.

٢- إذا تبين أنه ارتكب عملاً ضد الشعب أو الأرض أو المصالح العليا للإقليم أو ارتكبه لاحقاً.

٣- إذا تبين حصوله على الوسام أو الميدالية على أساس الاحتيال أو على أساس غير صحيح.

٤- إذا ارتكب عملاً يتعارض ولا يتلائم مع الأساس الذي منح لأجله الوسام أو الميدالية.

**ثانياً:** يترتب على استرداد الوسام والميدالية بموجب الفقرة (أولاً) من هذه المادة، إيقاف الامتيازات، واسترداد ما يكون قابلاً للاسترداد.

**المادة (٧):**

يحدد بنظام يصدره الرئيس مهام وتشكيل أي لجنة واردة في هذا القانون.

**المادة (٨):**

لا تقبل الأوسمة والميدالية الممنوحة التعامل بها خلافاً لأحكام هذا القانون.

**المادة (٩):**

تعد النماذج والنقوش والرموز المستخدمة في صنع الأوسمة والميدالية ملكاً للإقليم.

**المادة (١٠):**

لا يتم الحجز على الأوسمة والميدالية الممنوحة بموجب أحكام هذا القانون.

**المادة (١١):**

مع عدم الإخلال بأية عقوبة أشد ترد في قانون آخر، يعاقب بالسجن مدة لا تزيد على (١٠) عشر سنوات كل من قام بتزوير أو تقليد أي وسام وميدالية واردة في هذا القانون، أو صنعها دون إذن من الجهة المختصة.

**المادة (١٢):**

يصدر الرئيس نظاماً لتحديد الشؤون ذات العلاقة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٣):**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٤):**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (١٥):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

من أجل تشجيع وتكريم ومنح الأوسمة والميدالية للأشخاص الذين يقدمون خدمات جليلة في المجالات المختلفة لأرض وشعب كوردستان، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزانی**
**رئيس إقليم كردستان**

**أربيل**
**٢٠٢١/١٠/٦**

**جمهورية العراق**
**إقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار رقم (١٢) لسنة ٢٠٢١**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (الاولى) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (٣) بتاريخ ٢٠٢١\٩\٧، قررنا إصدار:

**القانون رقم (١٣) لسنة ٢٠٢١**
**قانون التعديل الثاني لقانون اتحاد غرف التجارة والصناعة**
**في إقليم كوردستان ـ العراق رقم (١٤) لسنة ١٩٩٣**

**المادة (١) :** يلغى نص الفقرة (٢) من المادة (الرابعة) من القانون، ويعاد تسلسل الفقرات التالية لها.

**المادة (٢) :** يلغى نص الفقرة (١) من المادة (السابعة) من القانون، ويعاد تسلسل الفقرات التالية لها.

**المادة (٣):** يعدل نص المادة (الثامنة) من القانون، ويقرأ على الوجه الآتي:

المادة (الثامنة)

١- للتاجر الانتساب إلى الغرفة التي يقع محله التجاري في دائرة اختصاصها.

٢- للمشروع الصناعي الانتساب إلى الغرفة.

**المادة (٤):** على اتحاد غرف التجارة والصناعة في إقليم كوردستان ـ العراق، نقل جميع السجلات وقواعد البيانات والمعلومات المتعلقة بتسجيل الأسماء التجارية والسجلات التجارية، إلى وزارة التجارة والصناعة في إقليم كوردستان ـ العراق، خلال مدة لا تتجاوز (٣٠) ثلاثين يوماً من تأريخ نفاذ هذا القانون.

**المادة (٥):** على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٦):** لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٧):** ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

بغية إعادة تنظيم النشاط التجاري وتسجيل الأسماء التجارية والسجلات في وزارة التجارة والصناعة في الإقليم، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزانى**
**رئيس إقليم كردستان**

**أربيل**
**٢٠٢١/١٠/٦**

**جمهورية العراق**

**إقليم كوردستان**

**الرئيس**

**قرار**

**رقم (١٤) لسنة ٢٠٢١**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (الاولى) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (٣) بتاريخ ٢٠٢١\٩\٧، قررنا إصدار:

**القانون رقم (١٤) لسنة ٢٠٢١**

**قانون التعديل الأول لقانون وزارة التجارة والصناعة**

**في إقليم كوردستان ـ العراق رقم (١٠) لسنة ٢٠١٠**

**المادة (١)**

يعدل نص الفقرة (حادي عشر) من المادة (الثالثة) من القانون و يقرأ على الوجه الآتي:

حادي عشر: تنظيم السجل التجاري وتسجيل الأسماء والعلامات التجارية والرسوم والنماذج الصناعية وبراءات الاختراع.

**المادة (٢)**

تنظم أحكام الأسماء التجارية والسجل التجاري بنظام يصدره مجلس الوزراء.

**المادة (٣)**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٤)**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٥)**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

بغية منح اختصاص تسجيل الأسماء التجارية وتنظيم السجل التجاري لوزارة التجارة والصناعة في إقليم كوردستان ـ العراق، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزانی**

**رئيس إقليم كردستان**

**أربيل**

**٢٠٢١/١٠/٦**